# پێویستی هاوکاری کردنی یەکتری لەسەر چاکەو لەخوا ترسان

# وجوب التعاون على البر والتقوى

< كردي >

شێخ عبدالعزيز بن عبدالله بن باز

الشيخ عبدالعزيز بن عبدالله بن باز

وەرگێڕانی: کاروان ڕەشید محی الدین
پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عزیز

الترجمة: كاروان رشيد محي الدين

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# پێویستی هاوكاری كردنی یەكتری لەسەر چاكەو لەخوا ترسان

الحمد لله، والصلاة والسلام على رسول الله محمد ﷺ وآله وأصحابه ومن اهتدى بهداه...

سوپاسی خوای پەروەردگار دەكەم لەسەر ئەو منەتەی ڕژاندی بەسەرمدا سەبارەت بەشادبونم بەبراكانم لەسەر بنەمای هاوكاریكردنی یەكتری لەسەر چاكەو تەقواو ئامۆژگاری لەسەر شوێن كەوتنی هەق و پەیوەست بون پێوەی. سوپاسی زانكۆی "محمد بن سعود" ی ئیسلامی دەكەم بەوەی بانگهێشتیان كردم و بەم وتارە بەشداریم كرد.

وە سوپاسی برای بەڕێزم "شێخ محمد بن عبدالرزاق الدرويش" دەكەم كە بانگهێشتی كردم، داوا لە خوای پەروەردگار دەكەم فەڕو بەرەكەت بخاتە كۆششی هەموانەوەو بەیەك گەیشتنێكی پیرۆزبێت و سودبەخش بێت بۆ هەمووومان و، یارمەتیمان بدات بۆ گوێ ڕایەڵی كردنی فەرمایشتەكانی و دەست گرتن بە ئاینەكەیەوە . پاشان ناونیشانی ئەو بابەتەی دەمەوێت پێشكەشتانی بكەم بریتییە لە هاوكاریكردنی یەكتری لەسەر چاكەو تەقوای خوا، ئەمەش وشەیەكەو هەموو شتێكی چاك دەگرێتەوە، ئێوەش "سوپاس بۆ خوا" لەو كەسانەن كە گرنگی پێ دەدەن و بە كردار هەوڵ بۆ بەرجەستەكردنی ئەو ئامانجە دەدەن، خوای پەروەردگاریش فەرمانی بەبەندەكانی كردوە كە لەسەر چاكەو تەقوا هاوكاری یەكتری بكەن و ڕێگرییان لێ دەكات هاوكاری یەكتری بكەن لەسەر تاوان و دوژمنایەتی، وەك دەفەرمووێت: ﴿ وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَلَا تَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴾ المائدة: ٢.(1).

لەسەر هەموو موسڵمانێكی پیاو و ئافرەت پێویستە لەم پێناوەدا هەوڵ و كۆشش بكات، چونكە ئەمە بەیارمەتی خوای پەروەردگار چاك كردنی كۆمەڵگاو هاوكاری كردنە لەسەر خێرو چاكەو، لە شەڕو خراپە دوریان دەخاتەوەو، وەهایان لێ دەكات هەست بەلێپرسراویەتی بكەن، بەم هۆیەوە هەركات پێویستی كرد هەمویان لە ئاستێكدا دەوەستن، سەبارەت بەم واتایە چەندین بەڵگە لە قورئان وسوننەتدا هاتون، وەك پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ وَٱلْعَصْرِ ۝١ إِنَّ ٱلْإِنسَـٰنَ لَفِى خُسْرٍ ۝٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلْحَقِّ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلصَّبْرِ ﴾ العصر:.(2).

---

(1) لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەكەی كراوە.

(2) لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەكەی كراوە.

ئەم سورەتە پیرۆزە لەگەڵ ئەوەی زۆر کورتە بەڵام لە ناوەرۆکیدا گەلێ واتاو مانای گەورە دەبەخشێت: ئامۆژگاری موسڵمانان دەکات بەئاینی ڕاست کە بریتییە لە هاوکاری لەسەر بنەمای چاکەو تەقوا، وە کەسە شادومان و دڵخۆشەکان لە هەموو کات و سەردەمێکدا ئەوانەن ئەو سیفەتانە لە خۆیاندا بەرجەستە دەکەن کە لە سورەتەکەدا ئاماژەیان پێ کراوە، ئەم جۆرە کەسانەش لە هەموو جۆرەکانی زیان ڕزگاریان بووە.

لەسەر هەموو موسڵمانێك پێویستە ئەم سیفەتانە لەخۆیدا بەرجەستە بکات و خەڵکیان بۆ بانگ بکات، ئەوانیش بریتین لە باوەڕهێنان بەخواو پێغەمبەری خوا ﷺ، باوەڕێکی ڕاستگۆیانە کە هەموو جۆرە ئیخلاسێك لەخۆ بگرێت لە پەرستنی پەروەردگارو بەڕاست زانینی ئەو هەواڵانەی خوا باسی کردون، باوەڕێك کە شاهیدی بدات لەسەر تاك و تەنهایی خواو، لەسەر پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری خواو ﷺ بەڕاست زانینی هەموو ئەو هەواڵانەش کە ئەو بۆمانی باس کردوە، ئەو باوەڕەی باسی دەکەین کردەوەی چاکیش لەخۆ دەگرێت، چونکە بەبڕوای ئەهلی سوننەو جەماعە باوەڕ بریتییە لە وتنی بەزمان و جێبەجێکردنی بەئەندامەکانی لەش، بەگوێ ڕایەڵی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەر ﷺ زیاد دەکات و بە پێچەوانەشەوە بەرەو کزی و لاوازی دەڕوات، باوەڕی ڕاست و دروست وتەی زمان و کردەوەی دڵ و جەستە لەخۆ دەگرێت، هەرچی کردەوەی دڵە پەیوەستە بە خۆشویستن و دڵسۆزی و ترس و ئومێدو شەوق بۆ خوای پەروەردگارو خۆشویستنی خێرو چاکە بۆ موسڵمانان وەك نزاکردن بۆیان، ئەنجامدانی کردەوەی چاك بەئەندامەکانی جەستەش بریتییە لە وتەو کردار ئەمەش بە گوێڕایەڵی زیاد دەکات و بەسەرپێچیش کەم دەکات وەك پێشتر تیشکمان خستە سەر.

هەروەك باوەڕ بەشی سێیەمی سورەتەکەش لەخۆ دەگرێت کە بریتییە لە ئامۆژگاری کردن لەسەر هەق و ڕاستی، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی باوەڕو کردەوەی چاکەوە، بەڵام خوای پەروەردگار وەك بەئاگاهێنانەوەی ئێمەو لەبەر گرنگی باسەکە بە تەنها باسی ئەمەی کردوە، چونکە ئامۆژگاری کردن لەسەر شوێنکەوتنی ڕاستی، هاوکاری کردنی یەکترییە لەسەر چاکەو تەقواو ئامۆژگاری کردن لەبەر خوای گەورەو، ڕێنمایی کردنی بەندەکانی خوا بۆ ئەو شتانەی کە سودیان پێ دەگەیەنن و ڕێگرییان لێ بکەین لە ئەنجامدانی کردەوە زیان بەخشەکان، بەشی چوارەمی سورەتەکە دەچێتە چوارچێوەی باوەڕەوە کە ئەویش بریتییە لە ئامۆژگاری کردن لەسەر ئارامگری. ئەم سورەتە پیرۆزە هەموو جۆرەکانی خێرو هۆکارەکانی شادومانی لەخۆی کۆکردوەتەوە، هاوکاریکردنی یەکتری لەسەر چاکەو تەقواو بەرجەستەکردنی واتای باوەڕە بەشێوەی گوفتارو کردارو بیروباوەڕ، چاکەو تەقوای خوا لەکاتی نزیکبونەوەیاندا ئاماژەن بۆ جێبەجێکردنی فەڕیزەکان و وازهێنان لە قەدەغەکراوەکان، چاکە: بریتییە لە جێبەجێکردنی فەڕیزەکان و ئەنجامدانی خێرو چاکەو بەرجەستەکردنی، تەقواش: وازهێنان و دوورکەوتنەوەیە لە شتە خراپ و قەدەغەکراوەکان، وەك خوا دەفەرموویت: ﴿ وَلَٰكِنَّ ٱلۡبِرَّ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلۡكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ وَءَاتَى ٱلۡمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ ذَوِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينَ وَٱبۡنَ ٱلسَّبِيلِ وَٱلسَّآئِلِينَ وَفِي ٱلرِّقَابِ وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلۡمُوفُونَ بِعَهۡدِهِمۡ إِذَا عَٰهَدُواْۖ وَٱلصَّٰبِرِينَ فِي ٱلۡبَأۡسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَحِينَ ٱلۡبَأۡسِۗ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُتَّقُونَ ﴾ البقرة: ١٧٧. واتە: {بەڵکو چاکە ئەوەیە مرۆڤ بڕوای ببێت بەخواو بە ڕۆژی دوایی و فریشتەکان و کتێبەکان و پێغەمبەران، وە دارایی خۆی ببەخشێت لەگەڵ ئەوەی کە خۆشی دەوێت بە

خزمان و هەتیوان و بێ نەوایان و "هەژاران" ڕێبوارانی کەم دەست و سواڵکەران و لە ڕێی ئازاد کردنی کۆیلەکاندا، وە نوێژی بە چاکی ئەنجام دابێت و زەکاتی دابێت، وە پەیمان بەجێهێنەران کاتێك کە پەیمانیان دابێت و، خۆڕاگران لەکاتی تەنگدەستی و نەخۆشی و لەکاتی جەنگدا، ئا ئەوانەن کە ڕاستیان کرد وە هەر ئەوانەن پارێزکاران.} خوا لە شوێنێکی دیکەدا دەفەرموویت: ﴿وَلَٰكِنَّ ٱلۡبِرَّ مَنِ ٱتَّقَىٰ﴾ البقرة: ١٨٩. واتە: {بەڵکو چاکە ئەوەیە ئەو کەسە پارێزکارو لەخوا ترس بێت} وەهاوکاری کردنی یەکتری لەسەر چاکەو تەقوای خوا هاوکارییە لەسەر بەرجەستەکردنی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەر ﷺ لە گوفتارو کردارو بیروباوەڕداو، وازهێنانە لە هەموو ئەو شتانەی کە پەروەردگار قەدەغەی کردون لەکردارو گوفتارو بیروباوەڕدا، بە دڵنیاییەوە هەموو مرۆڤێکی باوەڕدار پیاو بێت یان ئافرەت پێویستی بەم هاوکارییە هەیەو، بەو هاوکارییە هەموو دڵخۆشی و شادومانی و ڕزگاربونێکی دونیایی و دواڕۆژی دەست دەکەوێت و لە هەموو جۆرەکانی لەناوچون و خراپەیەك پارێزراو دەبێت، لەبەرئەوە ڕاستگۆیی و دڵسۆزی مرۆڤ بە قازانج بۆی دەگەڕێتەوە، بەپێچەوانەوە هەر جۆرە نەرمی نواندنێك خەسارەتمەندی بەدوادا دێت.

دەبێت ئاماژە بەوە بکەین هەرکەس ئەو چوار فەرمانەی باسمان کردن بەشێوەیەکی کرداری و دروست ئەنجام نەدات ئەوا هەموو خێرو چاکەیەکی لەدەست چوە، هەرکەسیش یەك لەوانە لەدەست بدات ئەوە بە ئەندازەی ئەوە چاکەی لە دەست دەچێت. لای کەس شاراوە نیە ئەهلی عیلم پێشترن لە خەڵکی سەبارەت بە بەرجەستەکردنی ئەو چوار فەرمانەی خوای گەورە، ئەمەش بە هاوکاریکردنی یەکتری لەسەر چاکەو تەقوا دەبێت و، لە باوەڕێکی دروست و دڵسۆزی و ئارامگرییەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی لە سەرەتادا توانای جێبەجێکردنی ئەم شتانەیان نیە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەشارەزاییان، ئەوان توانای جێبەجێکردنی شتە ئاسانەکانیان هەیە ئەوەش پەیوەستە بەئاستی شارەزاییانەوە، بەلاّم بەپێچەوانەوە ئەهلی عیلم تواناو لێهاتویی زیاتریان لە هەموان هەیە، زاناکان هەتا ڕێژەی زانستیان بەخواو پێغەمبەرو ﷺ ئاینی ئیسلام زیاتربێت ئەرك و بەرپرسیاریەتییان زیاتر دەبێت ، هاوپەیوەست بەمە دەفەرموویت: ﴿ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ يَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ سَيَرۡحَمُهُمُ ٱللَّهُۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ﴾ التوبة: ٧١.[3].

بەو شێوەیە هەندێکیان دەبنە پشتیوانی هەندێکی دیکەیان و ئامۆژگاری و هاوکاری یەکتری دەکەن لەسەر چاکەو تەقوای خواو ئامۆژگاری یەکدی دەکەن بۆ شوێنکەوتنی هەق و ئارامگری و خۆپاراستن لە هەموو ئەو شتانەی کە دژو پێچەوانەن لەگەڵ ئەم فەرمانانەداو لاوازیان دەکەن.

مرۆڤی باوەڕدار پشتیوانی خوشك و برا باوەڕدارەکانیەتی، ئافرەتی باوەڕداریش بەهەمان شێوە پشتیوانی خوشك و برا باوەڕدارەکانیەتی، ئەمەش ئەرکی سەرشانی هەموانە، لەسەر موسڵمان پێویستە بەچاکە ئامۆژگاری براکەی بکات و هۆشداری بداتێ لە هەموو شەڕو خراپەیەك و ئاگای لێی بێت، بەو شێوەیە خاوەن مافی تۆ بەرامبەر براکەت بەرجەستە دەبێت و هاوکاری دەکەیت لەسەر خێرو چاکەو تەقوای خواو ئامۆژگاری کردنی لە هەموو ئەو شتانەی

---

[3] لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەکەی کراوە.

کە دەزانیت خێرو چاکەی ئەوی تێدایەو، ڕقت لەشتە خراپەکانیشی دەبێتەوەو لەسەر ئەنجامدانی خێرو چاکەو وازهێنان لە خراپە هاوکاری دەکەیت و، بەئەنجامدانی خێرو چاکە دڵخۆش دەبیت و بەپێچەوانەشەوە کاتێك دەکەوێتە ناو شەڕو خراپەوە دڵگران دەبیت چونکە ئەو برای تۆیە لە ئاییندا، هەر لەبەرئەوەیە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت: {لا يؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه}[4]. واتە: باوەڕی هیچ کەسێکتان تەواو نیە، هەتا ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براکەیشی پێی خۆش بێت. هەروەها لەفەرمودەیەکی دیکەشدا ﷺ دەفەرموویێت: {المؤمن للمؤمن كالبنيان يشد بعضه بعضا}[5]. وشبك بين أصابعه. هەروەها ﷺ دەفەرموویێت: {مثل المؤمنين في توادهم وتراحمهم وتعاطفهم كمثل الجسد: إذا اشتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالسهر والحمى}[6].

ئەم سێ فەرمودە پیرۆزەو واتاکانیان وێنەی گەورەمان نیشان دەدەن دەربارەی ئەرکی دەربڕینی خۆشەویستی بۆ براکەت لە هەموو خێرو چاکەیەکداو، دڵگرانیت سەبارەت بەهەموو شەڕو خراپەیەك کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، چونکە هەردوکتان پشتیوانی یەکترن، وەك خوا دەفەرموویێت: ﴿ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖ ﴾.

هەروەك لەم فەرموودەیەدا کە "تميم الداري" دەیگێڕێتەوە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: {الدين النصيحة))، قيل: لمن يا رسول الله؟ قال: ((لله ولكتابه ولرسوله ولأئمة المسلمين وعامتهم}[7]. لەم فەرموودە پیرۆزەدا پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی ئەوەمان دەداتێ کە ئاین هەمووی ئامۆژگارییە، ئامۆژگاریش: بریتییە لە دڵسۆزی نواندن لە هەموو شتێکداو بەشێوەیەك نابێت هیچ جۆرە فێڵێ و نا پاکییەکی تێدا ئەنجام بدەیت، موسڵمان لەبەر زۆر خۆشویستنی بەردەوام ئامۆژگاری براکەی دەکات بۆ هەموو شتێکی باش و سودبەخش و هیچ فێڵێك لە براکەی ناکات. دەربارەی ئەمە عەرەب دەڵێت: "ذهب ناصح". واتە: ئاڵتونێکی پاك و دوور لە هەموو فێڵێ و تەزویر کردنێك، هەروەها دەڵێن: "عسل ناصح". واتە: هەنگوینێکی پوخت و دوور لە فێڵ و غەش و شەمع تێکەڵ کردن. وە لە فەرمودەکەی "جرير بن عبدالله البجلي" دا هاتوەو دەفەرموویێت: {بايعت النبي ﷺ على إقامة الصلاة وإيتاء الزكاة والنصح لكل مسلم}[8].

واتە: پەیمانم لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ بەست لەسەر بەرپا کردنی نوێژو دانی زەکاتی ماڵەکەم و ئامۆژگاری هەموو موسڵمانێك بکەم.

لەسەر زانایان و ئەهلی عیلم پێویستە بە چاکی دەرك بە مانای ئەم فەرمودەیە بکەن و جیاواز لە خەڵکی تر کار بە فەرمودەکە بکەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زانست و فەزڵ و تایبەتمەندی ئەوان وەك جێنشینی پێغەمبەران لە ڕونکردنەوەی ڕاستی و بانگ کردنی خەڵکی بۆ لای خوای گەورەو پەرستنی، چونکە ئەو کەسانەی دەزانن و ئەوانەشی کە نازانن چون یەك نین، وەك خوا دەفەرموویێت: ﴿ قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴾ الزمر: ٩.

---

(4) متفق عليه من حديث أنس، أخرجه البخاري: كتاب الايمان، باب من الايمان أن يحب لأخيه ما يحب لنفسه، رقم (13)، ومسلم: كتاب الايمان، باب الدليل على أن من خصال الايمان أن يحب لأخيه المسلم ما يحب لنفسه، رقم (45).

(5) متفق عليه، سبق تخريجه. لە پێشەوە ئاماژە بە ماناکەی کراوە.

(6) متفق عليه، سبق تخريجه. لە پێشەوە ئاماژە بە ماناکەی کراوە.

(7) سبق تخريجه. لە پێشەوە ئاماژە بە ماناکەی کراوە.

(8) رواه الشيخان، أخرجه البخاري: كتاب الايمان، باب الدين النصيحة، رقم (57)، ومسلم: كتاب الايمان، باب بيان أن الدين النصيحة، رقم (56).

واتە: {ئەی ( محمد ) بڵێ ئایا ئەوانەی دەزانن یەکسانن لەگەڵ ئەوانەی کە نازانن، بەڕاستی تەنها خاوەنانی ژیری ئامۆژگاری وەردەگرن.} بەدڵنیاییەوە باشترین کەسانی ناو مرۆڤەکان شیاوی ئەوە بن ئامۆژگاری خەڵك بکەن پێغەمبەرانن، پاش ئەوانیش زانایان دێن، کە جێگرەوەی پێغەمبەرانن بە ئاڕاستەی ئامۆژگاری کردن و بانگ کردنی خەڵکی بۆ خێرو چاکەو ئارام گرتن لەسەر ئەو ئەشکەنجەو ئازارەی لەپێناو خوادا دوچاری دەبن. بیرمان نەچێت فەرمان کردن بە چاکەو ڕێگری کردن لە خراپە دەچێتە چوارچێوەی ئامۆژگارییەوە، دەربارەی ئەمە خوا دەفەرموێت: ﴿يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ﴾ . وە بانگ کردنی خەڵکی بۆ کاری چاکەو ڕێنمایی کردنیان و، فێرکردنی کەسانی نەزان و، ڕێنمایی کردن و ئاڕاستەکردنی گومڕا بۆ سەر ڕێگای پاداشت هەر دەچنە ئەو چوارچێوەیەوە، وەك دەفەرموێت: ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴾ فصلت: ٣٣.

واتە: {کێ ووتەی چاکترو بەجێترە لەو کەسەی "خەڵك" بۆ لای خوا بانگ دەکات و کاری چاکە دەکات و دەڵێ بێگومان من لە پێڕی موسڵمانانم.}

بەدڵنیاییەوە هیچ کەس ووتەی چاکترو باشتر نیە لەو کەسەی خەڵك بۆ لای خوا بانگ دەکات و ئەوەش سەرەتا بەکردار لەخۆدا جێبەجێ دەکات، وەك دەفەرموێت: ﴿ ٱدْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلْحِكْمَةِ وَٱلْمَوْعِظَةِ ٱلْحَسَنَةِ وَجَٰدِلْهُم بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعْلَمُ بِٱلْمُهْتَدِينَ ﴾ النحل: ١٢٥.[9].

خوای گەورە لە شوێنێکی دیکەشدا ئەوە ڕون دەکاتەوە کە پێویستە کەسی بانگخواز شارەزای زانستی شەرعی بێت، ئەمەش لەپێناو ئەوەدایە هەتا بەبێ عیلم خۆیی و خەڵکی دوچاری زیان و گومڕابون نەکات، وەك دەفەرموێت: ﴿ قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ ﴾ یوسف: ١٠٨.[10]. لەسەر کەسی بانگخواز پێویستە بەبەرچاو ڕۆشنییەوە خەڵکی بەرەو لای خوای پەروەردگار بانگ بکات لەوەی کە داوای جێبەجێکردنی دەکات و ئەوەش کە لە خەڵکی قەدەغە دەکات، دەبێت بەوریایی و زانست و چاوکراوەییەوە بڕیار بدات، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ ڕونی دەکاتەوە بەوەی ئەو بانگخوازەی خەڵك بۆ لای خوا بانگ دەکات، هاوشێوەی ئەو کەسەی کە لەسەر دەستیدا هیدایەتی وەرگرتوە پاداشتی بۆ هەیە، ئەمەش پاداشتێکی گەلێ گەورەیە، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ((من دل على خير له مثل أجر فاعله))[11]. واتە: هەرکەس چاکەیەك نیشانی یەکێکی تر بدات، هاوشێوەی ئەو کەسە پاداشتی بۆ هەیە.

لە فەرمودەیەکی دیکەدا خۆشەویست ﷺ دەفەرموێت: {من دعا الى الهدى له من الأجر مثل أجور من تبعه لا ينقص ذلك من أجورهم شيئا، ومن دعا الى الضلالة كان عليه من الأثم مثل آثام من تبعه لا ينقص ذلك من آثامهم شيئا}[12]. واتە: هەرکەسێك خەڵکی بۆ ڕێگای هیدایەت ڕێنمونی بکات، ئەوە هاوشێوەی ئەو کەسانە پاداشتی بۆ هەیە کە شوێنی دەکەون، بێ ئەوەی لە پاداشتەکەی ئەوان کەم بکاتەوە، هەر

---

[9] لەپێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەکەی کراوە.

[10] لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەکەی کراوە.

[11] أخرجه مسلم في صحيحه: كتاب الامارة، باب فضل إعانة الغازي في سبيل الله، رقم (1893).

[12] رواه مسلم في صحيحه: كتاب العلم، باب من سنة سنة حسنة أو سيئة، رقم (2674).

کەسێکیش خەڵکی بۆ گومڕایی بانگ بکات، ئەوە هاوشێوەی ئەو کەسانەی تاوانەکە ئەنجام دەدەن و شوێنی دەکەون تاوان بۆ ئەمیش دەنوسرێت، بەبێ ئەوەی لە تاوانی ئەوان کەم بکات. هەروەها لە سەحیحی بوخاری و موسلیمداو لە سەهلی کوڕی سەعدەوە گێڕدراوەتەوە لە کاتێکدا پێغەمبەر ﷺ عەلی کوڕی ئەبوتاڵیبی ڕەوانەی خەیبەر کرد پێی فەرموو: {أدعهم الى الاسلام وأخبرهم بما يجب عليهم من حق الله تعالى فيه))، پاشان پێی فەرموو: ((فوالله لأن يهدى بك رجلا واحدا خير لك من حمر النعم}[13].

واتە: بەرەو ئاینی ئیسلام بانگیان بکەو هەواڵیان بدەرێ بەوەی کە لەسەریان واجبە لە ئاست ئاینی خوادا، پاشان پێی فەرموو: سوێند بەخوا ئەگەر کەسێك بەبۆنەی تۆوە هیدایەت وەربگرێت، ئەوە باشترە بۆ تۆ لە وشتری سوری بارکراو. ئەمەش پاداشت و چاکەیەکی گەورەیە، بەو واتایەی ئەمە باشترە لە هەموو دونیا، بەدڵنیاییەوە گەلە وشتری سور لەلای عەرەب بایەخێکی گەورەی هەیەو بەباشترینی سامانی خۆیانی دەزانن، لەبەرئەوەیە پێغەمبەری خوا ﷺ نمونەی لەسەر هێناوەتەوە.

ئێوەش ئەی براو ڕۆڵەکانم زۆر پێویستیتان بە دڵسۆزی و ئیخلاس هەیەو پێویستە چالاکی بەردەوامتان هەبێت و سەبارەت بەو دەقانەی کە ئاماژەمان پێیان کرد دەبێت ئارامگربن، لەگەڵ ڕاستگۆیی و گەڕان بەدوای خێرو چاکەدا، هەروەها گرنگیدان بە مامەڵە کردنێکی چاك و گونجاو و خۆ بەکەم زانین و خۆ ئامادەکردن سەبارەت بەوەی خودی بانگخوازەکە مەترسییەکی زۆری لەسەرە، چونکە ئەو خەڵکی بۆ لای خوای گەورە بانگ دەکات و خێرو چاکە بلاو دەکاتەوەو، ئامۆژگاری خەڵکی دەکات و لەسەر ئەنجامدانی چاکەو تەقوا هاوکارییان دەکات، ئەمە هاوکاتە لەگەڵ خۆ بەکەم زانین و دورکەوتنەوەی لەهەر جۆرە خۆ بەگەورە زانین و سەرسوڕمان بون بەخود، نابێت بە سەرسوڕمانەوە سەیری خۆی بکات و بەڵکو دەبێت بەردەوام چاوی لەسەر خۆی بێت بە ئاراستەی خۆپارێزی لە تاوان، بەردەوام دەبێت نەفسی خۆی بۆ خێرو چاکە هەڵبنێت و چاودێری بکات لە شەڕو خراپەی دەرون، نابێت بانگخواز منەت بکات و سەبارەت بەخۆی دوچاری سەرسوڕمانی ببێت و، ناکرێت بەو هۆیەوە دوچاری خۆ بەگەورە زانین بێت و لەناو خەڵکیدا شانازی بەخۆیەوە بکات، بەڵکو دەبێت بانگخوازبونی بەبەخشش و منەتی پەروەردگار بزانێت، وەك خوا دەفەرموێت: ﴿ يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا ۖ قُل لَّا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلَامَكُم ۖ بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلْإِيمَانِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴾ الحجرات: ١٧.

واتە: {ئەو کەسانە منەت دەکەن بەسەر تۆدا ئەی (محمد ﷺ) چونکە موسڵمان بوون، تۆش بڵێ منەتی موسڵمان بوونی خۆتان بەسەر مندا مەکەن، بەڵکو خوا منەت دەکات بەسەر ئێوەدا چونکە ڕێنمونی کردوون بۆ باوەڕهێنان، ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن کە "باوەڕدارن".}

هاوکاری کردنی یەکتری لەسەر چاکەوتەقوا بەشێکی بریتییە لە بانگکردنی خەڵکی بۆ خێرو چاکەو هاوکاری کردنی و بەئاگابون لە خراپەو هاوکاری نەکردن لەگەڵ ئەهلەکەیدا، نابێت یارمەتی براکەت لەسەر شتێك بدەیت کە پەروەردگار تورە بکات، هەروەك نابێت لەسەر هیچ جۆرە سەرپێچییەکی پەروەردگار هاوکاری بکەیت، بەڵکو

[13] أخرجه البخاري: كتاب الجهاد والسير، باب فضل من أسلم على يديه رجل، رقم (3009)، ومسلم: كتاب فضائل الصحابة، باب من فضائل علي بن أبي طالب، رقم (2406).

پێویستە ئامۆژگاری بکەیت و لە خراپەی ئەو تاوانەی ئەنجامی دەدات هۆشداری بدەیتێ، ئەمەش لە چاکەو تەقوای خواوە سەرچاوە دەگرێت.

ئەگەریش لەسەر ئەنجامدانی تاوان ئاسانکاریت بۆ کردو هاوکاری بویت، ئەوە تۆ لەو کەسانەیت کە لەسەر تاوان و دوژمنایەتی هاوکار بویت، ئیدی چونیەکە لەوەی ئایا سەرپێچییەکە گوفتارییە یان کردارییە، وەك کەمتەرخەمی کردن لە نوێژ یان بە زەکات یان بە ڕۆژو و حەج و یاخود بە هاوکاری کردنی لە ئازاردانی دڵی دایك و باوك و یاخود یەکێکیان، یان هاوکاری کردنی لە پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی و یاخود بەتاشینی ڕیش یان بەبەردانەوەو شۆڕکردنەوەی جل و بەرگ و درۆکردن و غەیبەت و نەمیمەو قسەوتن و نەفرەت کردن و.. جگە لەمانەش هەموو تاوانە کرداری و گوفتارییەکانی تر، ئەمەش وەك پەیڕەوکردنی وتەی خوا کە دەفەرموێت: ﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴾ المائدة: ٢.(14).

بیرمان نەچێت هەموو جۆرە سەرپێچییەك دەچێتە چوارچێوەی تاوانەوە.بەڵام دوژمنایەتی کردن ئەوە دەست درێژییە بۆ سەر سنوری خوای پەروەردگارو سنورشکاندنی خەڵکە یان سنورشکێنییە دەربارەی ئەو فەرزانەی پەروەردگار دایناون، ئیدی چونیەکە بەزیادکردن لێیان بێت یاخود بەکەمکردنەوە. هەموو جۆرە بیدعەو زیادکردنێك لەئایندا دوژمنایەتییە؟چونکە شتێکی زیادەیە لەوەی پەروەردگار لەناو ئەم ئاینەدا بۆی داناوین، لەبەرئەوەیە کە بیدعەچی بە کەسی سنورشکێن ناودەبرێت، هەروەها وازهێنان لەو شەرعەی خوا داینواەو لەلای ئەوەوە دابەزیوە تاوانەو سنورشکاندنی فەرمایشتی پەروەردگاریشە، هەروەك ئەنجامدانی سەرپێچی تاوانەو، سنورشکاندنی سەبارەت بەفەڕزەکانی پەروەردگاریش سنور شکاندنەو، ستەم کردن لە بەندەکانی خوا دوژمنایەتییەو ڕێگری لێ کراوەو ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی تاوانەوە، وەك دەفەرموێت: ﴿ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ ﴾(15).

بەواتای ئەوەی وریابن لەسەرئەنجامی هاوکاری کردن لەسەر تاوان و دوژمنایەتی و وازهێنان لە هاوکاری لەسەر چاکەو تەقوای خوا، چونکە ئەگەر بەو شێوازەتان کرد ئەوا سەرئەنجامەکەی سزایەکی توند بۆ ئەو کەسە دەبێت کە سەرپێچی فەرمانەکە دەکات و قەدەغەکراوەکان ئەنجام دەدات و سنورشکێنی دەکات. داواکارم لە خوای پەروەردگار بۆ خاتری ناو و سیفەتە بەرزو جوانەکانی ئێمەو ئێوەو سەرجەم موسڵمانان سەرکەوتوو بکات بۆ هاوکاریکردنی یەکتری لەسەر کاری چاکەو تەقواو ڕاستگۆیی، بەئومێدی ئەوەی لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین؟ چونکە بانگخوازو فێرخوازان پێشەنگ و پێشەوان و، لە هەموو کاروبارێکدا پێویستە پێش هەموان لێپێچینەوە لەگەڵ خۆدا بکەن و لەپێناو هەموو کارێکی چاکدا تێبکۆشن و واز لە هەموو کردەوەیەکی خراپ بهێنن، ئەمەش پێویستەو لە بانگەوازو ئامۆژگاری کردنی خەڵکیدا سودی هەیەو زیاتر پەیامەکانی دەچنە دڵی خەڵکەوەو

(14) لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەکەی کراوە.
(15) لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەکەی کراوە.

قسەکانی لیٚ وەردەگرن و سود لە ڕێنماییەکانی دەبینن سەبارەت بەفەرمان کردن بە چاکەو ڕێگری کردن لە خراپە[16].

[16] مجموع الفتاوى ومقالات متنوعة (27/188-200)، کە ئەویش وتارێك بوو شێخ عبدالعزیز بن عبدالله بن باز لە زانکۆی ئیمام (محمد بن سعود) ی ئیسلامی خوێندبیەوە.

IslamHouse.com